# راستی و پەیامەکانی خرۆشانی جەماوەریی لەفەرەنسا!

خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk



ئەمرۆ راپەرین و رووداوەکانی فەرەنسا پیدەنیتە سێهەمین هەفتەی خۆیەوە. بەدوای رووداوی کوژرانی دوولاو کەلەدەست پۆلیسی فەرەنسا هەلهاتبوون، خرۆشانی جەماوەری زیاتر لە30 گەرەك لەگەرەکەکانی شاری پاریس سەری هەلداو و پاشان زیاتر لە 20شارو شارۆچکەی تری گرتەوە، لەوانە، شارەکانی سانت دنی، ایولین، دیژن، مارسی، تولوز، بیگن و لیۆن.. جەماوەری راپەریوو بەرووبەروووبونەوەیان لەبەرامبەر پۆلیس و پەلاماردانی چەندین شوینی دەولەتی وبانك و بەگرتیبەردانی زیاتر لە 10هەزار ئۆتۆمبیلی سەر شەقامەکان، کەوتنە حالەتی دەربرینی نارەزایەتی‌یەکی فراوانی کۆمەلایەتی‌یەوە. شەپۆلی ئەم هەستان وخرۆشانانە زۆرتر لاوان وخەلکانیکن کەپیشینەی ئەفریقایی و مەغریبی وجەزائیری وئاسیایی‌یان هەیە ودانیشتووی شوینە هەژار نشین و لاوەکی‌یەکانی شارەکانی فەرەنسا پیك دینین. بەلام هەستانی جەماوەری و رووداوەکانی فەرەنسا، بەوحالەتەوە کەلەجەرەیاندایە، دەتوانی لەپەیوەند بەباروۆدخەکانی دنیای ئەمرۆو جیگای دەولەتانی سەرمایەداری ئەوروپاوە، لەزۆر رووە وە راستی وپەیامەکانی خۆی بخاتەبەردەم کۆمەلگای بەشەری وجیهانی‌یەوە. کەوایە ئەوراستیانەو ئەو پەیامانەچین؟

## سەرەگیژەی دەولەت و سیاسە تمەدارانی ترساوی ئەوروپا :

راپەرپەینی خەلك ورووداوەکانی فەرەنسا بەیەکجاری دەولەتی لەگەل قەیرانیکی سیاسی بەرەو رووکردۆتەوە و سیاسەت مەدارانی توشی شپرزە کردووە. هیشتا رووداوەکان لەسەرەتای خۆیدابوو، کە نیکۆلای سارکۆزی وەزیزی دەولەت، لەلیدوانیکدا بەزمانی "لۆمپەن" و "گیرەشوین" دووا و بەهەلچوونەوە کەوتە هەرەشەکردن لەخەلکی راپەریوو بەزیندانی کردن و دیپۆرتکردنەوەیان بۆ ئەو ولاتانەی کەلیوەی هاتوون. بەلام قسەکانی سارکۆزی نەك باروۆدخەکەی ئارام نەکردەوە بەلکو بووە مایەی بەنزینکردن بەئاگری هەستانی خەلك و پەرینەوەی پریشکەکانی بۆچەندین شاری تر. هەربۆیە خیرا دۆمنیك دۆڤیلپا، سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فەرەنسا بەمەبەستی راستکردنەوەی قسەکانی سارکۆزی، لەبەردەم کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەرلماندا بەرنامەیەکی چاکسازی خستەروو، کەتییدا بەلینی دا وەلام بەباری هەژاری و نەبوونی وبیکاری ناوچە هەژارنشینەکان بداتەوە و "یاسای دانی رەگەزنامە" ش دەستکاری بکا، تالەمریگایەوە بتوانی رووداوەکان ورق و تورەیی خەلکی راپەریو هیوربکاتەوە. بەلام دریژەکیشان و بەرین بوونەوەی هەستانی جەماوەری و ئەو ئاکامانەی کەهیناویتە پیشەوە، بەتەوای سیاسەتمەدارانی دەولەتی فەرەنسای توشی سەرگیژەو قەیرانیکی دژوارکردۆتەوە. رۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندنی دەولەت لەلایەك بەزمانی رۆمانسیانە و داواکردنی ئەوەی کە"فەرەنسای ئازیز بریندار مەکەن" لەهەولدان تا خەلکی بکیشنەوە ژیر رکیفی یاسا و بریارەکانی دەولەتەوە ولەلایەکی تریشەوە، هەنگاوەکانی دەولەت لەراستای توندکردنەوەی هیزەکانی خۆیی و ئامادەباشی زیاتر لەپیناوسەرکوتی خەلکی راپەریوو کۆنترۆلکردنی رووداوەکاندا، تادیت روولەفراوانبوونەوە دەکاو حالەتی حکومەتیکی سەربازی بەخۆوە دگری. پەلاماردان و لیدان وگرتنی زیاتر لە2 هەزار کەس و دەستبرد بۆدادگایی کردن و دانی حوکمی زیندان بەسەر ئەوانەی لەم رووداونەدا دەستگیردەکرین، بونەتە رەوشیکی نۆرمال. هەروەها دەولەت بەدامەزراندنی زیاتر لە 8هەزار پۆلیس لەناوچە نائارامەکانی فەرەنسا و زیادکردنی 1500 پۆلیسی تر لەهەنگاوی یەکەمدا و بردنەسەری ئەم ریژەیە پی‌بەپی توندبوونەوەی رووداوەکان، هاوکات راگەیاندنی حالەتی"تەواریی" وقەدەغەکردنی هاتوچووی شەوانەو، دانانی دادگای خیرا...هەموو ئەمانە نیشان ئەدەن کەدەولەتی فەرەنسا لەبەردەم یەك قەیران و گرفتی مەترسیداردایە.

بەلام ئەمە هیشتا هەموو واقعیەتیەکان ناخاتە بەرچاو. بەتایبەتی هەوالەکانی راپەرینی خەلك لەفەرەنسا کەتائیستا سەردیری پیشەوەی میدیاو رۆژنانامەکانی ئەورووپای داگیر کردووە، راستەخۆ سەرنجی دەولەتانی ئەورووپای بۆلای خۆی راکیشاوە. کاربەدەستانی تورکیا، رووداوەکانی فەرەنسایان بۆ سیاسەتی قەدەغەکردنی "حیجاب" لەنیو"جالیەی موسولمان" نشینی فەرەنسا گیرایەوە، دەولەتی بەلجیکا راستەوخۆ ئەوترسەی کەئەم رووداوانە هیناویەتە پیشەوە، بەوە ئاشکراکرد کەدەبی ئەوروپا دیواری پۆلاین لەبەردەم خروشانی خەلکی بیانی ودانیشتووی نیو ولاتانی ئەوروپا لەپرۆژەیەکی هاوبەشدا دابمەزرینن، دەنا هەموو شتیك لەدەست دەچیت!!. لەئەلمانیاش سەرهەلدانی چەند حالەتیك لە سوتاندنی ئۆتۆمۆبیل لەشارەکانی بەرلین و کۆلن، کاربەدەستانی لەگەل ترس ودلەراوکی بەرەو رووکردەوە و دەولەتی ئەلمانیای ناچارکردووە بەگرتنەبەری"هەنگاوی ئامادەباشی سەرەتایی". لەکەنار ئەمانەدا ترس لەرووداوەکانی فەرەنسا بەپیویست دەولەتانی بریتانیا و نەمسا و ولاتانیکی‌تری ئەوروپایی ناچارکردووە کەلەم رووداوەدا هاوکاری دەسەلاتدارانی فەرەنسا بن و بەهەرشیوەیەك بیت ری بەپەرینەوەی بگرن. ئەوەتا دەزگاکانی راگەیاندنی بی‌بی سی وبریتانی بەزمانی راسیستی دەولەتی فەرەنسا کەوتوتە تەبلیغات و بەتەوای بوونەتە هاوپەیمانانی سارکۆزی و راسییزمیك کەلەفەرەنسا خۆی بەحەریفی راپەرینی خەلك دەزانی. ئەم واقعیەتانەش نیشانەی ئەوەن کە ئاکامە مەترسیدارەکانی راپەرینی خەلك و شیوەی بەرپەچدانەوەی لەلایەن

سەرجەم دەوڵەتانی ئەورووپاوە مەسەلەیەکی ڕۆژەو کەوتۆتە دەستوورەوە . بەلام هۆکارەکان و زەمینەو چوارچێوەی ئەم ڕووداو خرۆشانەی خەلکی فەرەنسا چی‌یە؟

## "راپەرینی شاری" و مۆدیلی سەرمایەداری هاوچەرخ:

مارکس لەکتێبی سەرمایەدا ئاماژە بەوەدەکات کە:" سەرمایە لەڕەوتی گەشەسەندن و چەقبەستنی خۆیدا، کۆبوونەوە وچەقبەستنی دانیشتوان و پێکهاتنی کۆمەلگای شاری لەسەر بناغەی دابەشبوونی پۆلەکانی دەولەمەندان و هەژاران پێکدینی و ڕایان دەگری" ئەم حوکمەی مارکس بەدوای جیهانی بوونەوەی سەرمایەداری و تەواوبوونی دەورەی کۆلنیالیزم و تیک هەلکیش بوونی جیهان لەلیشاوی قازانجپەرستی کەمایەتی‌یەکی دەولەمەندان و جیگیرکردنی زۆرینە، لەژیانی لاوەکی و حاشیەیی شارەکاندا، لەئیستادا بەچەند پلە چۆتەسەرەوە. ناکۆکی گەورەی نیوان سەروەتمەداران و هەژاران.. ئەمە بناغەیترین سەرچاوە و زەمینە کۆمەلایەتی و مادی‌یەکانی پەیدابوونی نارەزایەتی و هەستانی شاری کۆمەلانی خەلکی وەتەنگ هاتووە لەولاتانی ئەورووپا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین. فەرەنسا نمونەیەکی بەرچاوی ئەم واقعیەتانەیە لەشێوەی دیاری خۆیدا.

مودیلی سەرمایەداری لەفەرنسا و بازاریکی ئازاد، کە بەدوای چەندین دەیەی دوای شەری جیهانی دووەم و تەواوبوونی سەردەمی موستەعمەراتەکان لە ئاسیاو ئەفریقا، روو لەپەرەسەندن و چەقبەستنە، بەسەرهەلدانی چەندین شاری گەوورە وجیگیربوونی دانیشتوانیکی بەرین لەخەلکی "غەیرە فەرەنسایی"، گەیشتووە، کەبەرۆشنی ئاستی دەرامەت و بژیووی وشیوەی ژیانیان لەگەل ناوەندەکانی"کاپیتال سیتی" وژمارەیەکی کەم لە سەرمایەداران کەبەستاندادری"هایلایف" لەنازو نیعمەت وسەروەتدا غەرقن دەسەلاتیان بەسەر کارو زیندەگی ومافی ملیۆنەها ئینسان وموقەدراتی رۆژانەیانەوە زالە، پیکهیناوە!. ئەمە یەك ناکۆکی چارەسەرهەلنەگری سەرمایەداری‌یە کەپیکهینانی سەروت وسامانی دەولەمەندان لەسەر حسابی هەژاری زۆرینەیە. بەلام لەمۆدیلی سەرمایەداری فەرەنسادا چەندسیاسەتیك بۆئەم واقعیەتە زیاد دەبی: یەکەم راگرتنی ملیۆنەها ئینسانی مەغریبی، جەزائیری، ئاسیایی، ئەفریقایی.. کەلەئەنجامی سیاسەتی کۆلۆنیالیزەکردندا کۆچیانکردووە وبەشیوەیەکی قانونی زۆربەیان لەفەرنسادا جیگیربوون، بەدوای چەندین دەیە لەخزمەتکردنی سەرمایەی بچوك و مام ناوەند وبۆرژوازی فەرەنسادا بەنرخیکی هەرزان و بەقبولکردنی مانەوە لەژیانی حاشیەی شارەکاندا، هیزی کاریان فرۆشتووە و بوونەتە سەرچاوەیەك بۆکەلەکەی سەرمایە و سامانی دەولەمەندان. کەچی لەژیانیکی بیدەرەتانیدا تەمەن و میژوویەکی هیلاك و ماندوویان بردۆتەسەر.. حالەتیکی ئاوا یەك ناعەدالەتی رۆشن دەخاتەروو، ناعەدالەتیەك کەبەیەکجاری ئیدعای" ئەورووپای موتەمەدن ودیموکراسی" دەخاتە ژیر پرسیارەوە و بەکردەوە جیاوازی نیوان ئەم دانیشتوانە لەکۆمەلگای فەرەنسادا لەنیو حالەتیکی توورەیی و نارازی‌بوون و دەست دانە شۆرش و راپەرین رادەگری.. دووەم: دەستبردنی دەولەت بۆسیاسەتی راسیستی و ئاپاراتیدیك کەبنەچەکەی لەبۆچن و لیکدانەوەی، میلتکالچرالیزمدایە، هیندەی تر بۆرژوای فەرەنسای بردۆتە سەر پرۆژەیەك کەئەم ئینسانانە لەژیانی حاشیەیی و پەنابەران و کۆچکردووانی هەمیشەیی‌دا رابگری و ئەمانە بۆهەتاهەتایە بەهەویەتی غەیرە فەرەنسایی و ئەورووپایی‌یەوە بهیلیتەوە ولەئەنجامیشدا وەك ئینسانی پلەدوو ژیردەستە لەم کۆمەلگایانەدا پیناسەبکرین. سیاسەتی کەمپسازی و دانانی خەلکی پەنابەر و کۆچکردوو لەکەمپەکانی ئاوارەیی‌دا، بەخاسیەتی قەومی وئاینی خۆیانەوە، بەپیویست هاولاتیانی "پلەدوو وناتەواو" بەرهەم دینی کەهەرساتە لەبەدەم لیشاوی یاسا و بریارەکانی دەولەتدا پەنابۆ دەربرینی توورەیی ودەربرینی نارەزایەتی بەرن.. ئەمەیە ئەوراستیانەی کەسەرمایەداری و بۆرژوازی دنیای ئەمرۆ وپرۆژەی "مۆدیرنیتە و دیموکراسی" و "دەولەتی رەفاه"یان پوچەل دەکاتەوە. دانیشتوانیك کە بەدوای چەندین دەیە لەژیانکردن لەولاتیکدا، هیشتا لە80٪یان بیکار و نەبووبن، هیشتا لەنیو ئاپارتمانەکانی خۆیاندا، بەبیگانە و غەیرە ولاتی بە"جیهانی سیهەمی" خۆیانەوە بمیننەوە. دانیشتوانیك کە لەم کەمپانەدا بیبەشکرابن لە هەویەتی ولاتی و مافیان نەبی وەك هاونیشتمانیانی یەکسان بناسرین ولەولاشەوە راسیزم و نەژادپەرستی چ وەك یاساکان وکارکردی دەولەت لەپیدانی کارو ناسنامەدا بکریتە ستاندارد وپیوانە بوویان وچ وەك بزوتنەوەیەکی جژی ئینسانی بۆتەحقیر و سوکایەتی پیکردن رۆژانەیان، هانبدرین .. ئەمە ئیتر چون تەحمول دەکری؟ چۆن ئیتر راپەرین و هەستانی شاری ودەربرینی نارەزایەتی ناکاتە بەرپەچدانەوەیەکی هەقخوازانە!

بنبەستی سەرمایەداری و دەولەتی فەرەنسا پرۆژەی ئینتگراسیۆن و سکولاریزم ودەولەتی رەفاهی کۆمەلایەتی ولەولام دانەوە وچارەسەرکردنی گری کویرەی "خەلکانی خارجی"دا، بەپیویست رووداوەکانی لەمجۆرە بەرهەم دینی. راوەستانەوەی خەلکی فەرەنسا بەرامبەر بە تەرحی ئەورووپای یەکگرتوو نیشانەیەکی‌تر ئەم واقیەتانە وبنبەستی مۆدیلی سەرمایەداری فەرەنسایە لەچارەسەرکردنی ئەم ناکۆکی و ئەم جیاوازیانەدا.

## راپەرینی خەلك، کام پەیام وکام راستی؟:

یەکەمین راستی‌یەك کە رووداوەکانی چەند هەفتەی رابردووی فەرەنسا بەیانی دەکات، ئەوەیە کە بۆرژوازی و سەرمایەداری و ئیدعای "دیموکراسی و دەولەتی رەفاه" ئیدعایەکی پوچە. مەدەنیەتیك کە بۆرژوازی رۆئاوا و حکومەتەکانیان بانگەشەی بۆدەگەن، لەبنەرەتەوە لەسەربناغەی هەژاری و بیکاری نەبوونی و جیاوازی نیوان ئینسانەکان و ژیرپینانی هەویەتی ئینسانی وولاتیان دامەزراوە. راسیزم و جیاکاری، نەژادپەرستی و راگرتنی ملیۆنەها ئینسان لەبیمافی و ژیردەستەی‌دا، ولەنیو ژیانی حاشیەیی نشیدی‌دا، بەلگەن بۆئەوەی کەئەم رژیمە و ئەم سیستەمە ناتوانی نەك هەر وەلام بە نیاز وپیویستی‌یەکانی بەشەری سەردەم بداتەوە، بەلکو خۆیی هۆکاری سەرەکی ریگەگرتنە لەبەدیهاتنی ماف و ئازادیەکان و خۆشبەختی کۆمەلایەتدا. دەولەتان و سیاسەتمەدارانی بۆرژوازی بەجیا لەپەنابردنیان بۆ دابەشکردنی ئینسانەکان بەپیی هەویەتی دروزنانەی قەومی وئاینی و فەرهەنگی، بەجیا

لەراگرتنی هەژاری و نەداری و بیکاری‌دا، هەمیشە خەبات و نارەزایەتی خەلکی هەقخواز بەگیرەشیوین و کردەوەی نامەدەنی ولۆمپەنبازی لەقەلەمدەدەن. ئەم تەبلغاتە ژەهراوی وناراستانەی حاکمانی سەرمایە لەهەرشوینیك بووبیت، هەمیشە هاوری بووە لەگەل دەستبردنیان بۆدەزگاکانی پۆلیس و زیندان و یاسای تەواریی و هەرەشەی دیپۆرت و سزادان. بەمجۆرە بۆرژوزای و دەەسەلاتەکەی ئەگەر فەرەنسایی وبریتانی‌بیت، یان ئەگەر ئەلمانی وورووسی، تەنانەتە ئەگەر عەرەبی وکوردی و فارسی بیت، بەبی راگرتنی بەشی زۆری کۆمەلگا لەهەژاری وبیدەرەتانیدا، بەبی سەپاندنی نیزامی کۆیلەیەتی وژیردەستەیی، بەنامەیەکی‌تریان بۆکۆمەلگای بەشەری وژیانی ملیونها ئینسانی شەریف و ئازادە پی‌ذی‌یە..ئەمەیە ئەو پەیامەی رووداوەکانی فەرەنسا پیمان دەلیت..

بەلام هاوکات ئەم روداوانە نیشان ئەدات کە گەندەلی و فەسادی کۆمەلایەت و. گیرفانپرکردن و کەلەکەی سەرمایە لەدەستی کەمایەتی‌یەکی کەمی کۆمەلگا و برسیتی وبیکاری بۆزۆرینەی کۆمەلگا، بەپیویست راپەرین و توورەیی و هەستانی خەلکی چەوساوە بەرهەمدینی.

فەرەنسا لەبەردەم قەیرانیکی دژواردایە، بەلام پەیامەکانی ئەم قەیرانە سنورەکانی خۆی تەنها لەم ولاتەدا قەتیس ناکات. بەتایبەتی دەیەی نەوەد لەسەدەی رابردوودا رووداوەکانی جیهان، ئاشوبیکی گەورەو ئالودەبوونی دنیایان بەچەندین جەنگ و پەلاماری سەربازی و پشیووی ناوچەیی هیناوەتەپیشەوە. دیاردەی کۆچ و پەنابەری و هەولویستی دەولەتانی ئەمریکاو رۆژ ئاوا لەم دیاردەیە، کەراستەوخۆ بەرهەمی سیاسەتەکانی ئەوانە، هیندەی تر دنیای ئەمرۆی لەبەردەم یەك ئیعترازی جیهانی خەلکی بیبەشدا راگرتووە. رووداوەکانی فەرەنسا لەدەرگادانی کارەساتیکی گەورەتر و هاتنەپیشەوەی باوۆدخیکی فراوانی کۆمەلایەتی‌یە، کەخەلکی نارازی وبیبەش تییدا چالاك و هەلسووراون. خەلکیك کەبەشیوەی خۆیان رادەپەرن و دەسەلاتداران لەگەل نائارامی بەرەو رووده‌کەنەوە. لەمنیوەدا رووداوەکانی ئیستای فەرەنسا پەیامی ئەو راستی‌یە بەگۆیی کۆمەلگای جیهانیدا، کە لەبەرامبەر راسیزم و هەژاری و نەداری و دەسەلاتی سەرمایەدا، نەتەو ئاینەکان وەلام نین. نەئیسلام نەنەتەوە ونەناخوداوەند، نەك هەرناتوانی بزوتنەوەی بەرهەقی کۆمەلانی خەلکی بۆ خواستە ئینسانی‌یەکان ئاراستەبکا، بەلکو ئەمانە فاکتۆری ریگەگرتن ودوورکەوتنەوەی کۆمەلانی خەلکن لە سەرکەوتن و بەدەستهینانی خواستەکانی خەلکی راپەریوو وتووەر بەرووی هەرجۆرە نابەرابەری و نایەکسانی‌یەکدا کەلەگۆردایە.. لەم بارەوە گەرانەوە وپشتبەستن بەیەك ئامانجی ئینسانی وسوسیالیستی و کۆبوونەوە لەپیناو بەدەستەوەگرتنی ئەحزابی کۆمۆنیستی کریکاری ، تەنها ریگا و ئالتەرناتیڤە کەخەلکی بەشمەینەت وراپەریو لەداهاتوویەکی دلخواز نزیکیان بخاتەوە.

**12/11/2005**